السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هەژار ئەو کەسە نییە کە خورمایەک و دووان یان پاروویەک ودووان دووری دەخاتەوە، بەڵکو هەژار ئەو کەسە کە خۆی لە داوا کردن بە دوور دەگرێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەژار ئەو کەسە نییە کە خورمایەک و دووان یان پاروویەک ودووان دووری دەخاتەوە، بەڵکو هەژار ئەو کەسە کە خۆی لە داوا کردن بە دوور دەگرێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە هەقیقەتی هەژاری ڕووندەکاتەوە، ئەو هەژارەی کە ستایش دەکرێت لە نێو هەژاراندا کە زیاتر شایستەیە بەوەی خێر وبەخشینی پێبدرێت ئەوەیانە کە خۆی دەگرێتەوە لە داواکردن لە خەڵکی ئەگەرچیش پێویستە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی بە خاوەن پێویستی دانەناوە کە دەچێت وداوا لە خەڵکی دەکات چونکە لەوەیە بە پێی پێویست پێی ببەخشرێت لە خێر وزەکات وئەمەش بەسە بۆی، بەڵام کەسێکی پێویست لە ڕاستیدا کەسێکە کە داوا ناکات وپێویست بوونی بەردەوامە چونکە ئەو هیچی دەستناکەوێت بەهۆی داوا نەکردن لە خەڵکی؛ وئەمەیان شایستەترە کە خێر وبەخشین وزەکاتی پێبدرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3141

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee